

د.ڤیان سلێمان سـکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ گوڵان تیشک دەخاتە سـەر رەوشی پرسی ئافرەتان و ماف و جیاکارییە یاسـاییەکانیان تاوتوێ دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە زۆربوونی سـکاڵا بەو مانایە نییە کە ڕێژەی توندوتیژی زیاتربووە، بەڵکو نیشـانەی ئەوەیە ئاگایی ئافرەت زیاتر بووەو دەزانن مافەکانیان چین و بە سکاڵا بەرگری لەمافەکانی خۆیان دەکەن.

د. ڤیان سلێمان
سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ گوڵان:

# یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی پارتی بۆ کابینەی هەشتەم کاندیدی ئافرەتی هەبێت

لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلول ڕێژەی متمانە بەخشین بە کاندیدی ئافرەت گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەو ئافرەتانەشی بەدەنگی خۆیان بوونە پەرلەمانتار زۆرترینیان کاندیدەکانی پارتی بوون

بە تێکەڵاو کردنی تایبەتمەندییەکانی ئافرەت لە بەشداری سیاسیدا ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی دەستەبەر دەبێت

گوڵان – کۆمەڵایەتی

> ڕاپرسییەکمان کردووە، لەو ڕاپرسیەدا ڕێژەی ٩٠٪ی ئافرەتان حەزیان لەکارە، بەڵام حەزیان لەکاری سیاسی نییە

> دەرچوون لە چوارچێوەی ماڵ ڕێگەیەکە بۆ ڕۆشنبیری و تێکەڵبوونی ئافرەت بە وەرگرتنی ئەرکی زیاتری کۆمەڵایەتی و ئابووری

**گوڵان:** پرسی ئافرەتان یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی هەموو کۆمەڵگەیەك، بەڵام دەگوترێ لە کوردستان میکانیزمی پێویست بۆ چارەسەری پرسی ئافرەتان نەخراوەتەڕوو، ئێوە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تاچەند هەوڵتان داوە میکانیزمێك بۆ چارەسەری پرسی ئافرەتان بدۆزنەوە؟

**د.ڤیان سلێمان:** یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نەك ئێستا بەڵکو هەر لە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بە بەردەوامی هەوڵیداوە بە شێوەیەکی بنەڕەتیی بەدوای چارەسەری کێشەی ئافرەتاندا بگەڕێت، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە، کێشەی ئافرەتان کێشەیەکی جیاو دابڕاو لە کۆمەڵگە نییە، بۆیە باوەڕی بەوەیە ئەو ڕێگەیانەی کە دەیگرینەبەر، دەبێت لەناو کۆمەڵگەو بەهاوکاری ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوە ئەنجامی بدەین، بۆیەش بەردەوام هەوڵمانداوە لەڕێگەی گفتوگۆ و دواندنی ڕەگەزی بەرامبەر بتوانین کێشەکانی ئافرەتان چارەسەر بکەین.

هەر بۆیە ئەگەر سەیری پرسی ئافرەتان لەکۆمەڵگەی خۆمان بکەین، دەبینین هەر یەکێك بەشێوەیەك لێی دەڕوانێت، هەندێك وای دەبینێت کە ئەم کێشەیە هەنگاوی زۆر باشی ناوەو بەرەوپێش چووە و مافەکانی ئافرەتان دەستەبەربووەو تاڕادەیەك کێشەکانی ئافرەتان چارەسەربووە، لەلایەکی دیکەوە هەندێك وای دەبینن، ئەو دروشمانەی کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بەپرسی ئافرەتان هەڵیانگرتووە، تەنیا دروشمە و نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی ئەکتیڤیان هەبێت و چارەسەر بۆ کێشەکانی ئافرەتان بدۆزنەوە. دیارە ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان بەشێك ڕاستی تیدایە، بەڵام گرنگە لە کاتی هەڵسەنگاندن ئەو ڕاستیەمان لەبەر چاو بێت، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بۆ پێشەوە دەچێت، ئەم پرۆسە لەسەرخۆیەش پێویستی بە ماوەیەکە هەتا کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، بۆیە لەم خاڵەوە ئەگەر ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بۆ بەراورد وەربگرین، یان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە ئێستا بەراورد بکەین، ئەوا گومانی تێدانییە.

کۆمەڵێك پێشکەوتن لە زۆر بواردا دروستبووە، کە بەحەقیقەت هەستی پێدەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان کۆمەڵێك کێشە هەیە کە ئێمە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە وەك پێویست و بەشێوەیەکی جەزری چارەسەری بکەین.

**گوڵان:** بەڵام لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەشدا کە باستان کرد، ئافرەتانی کورد تا ئێستاش بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە، هۆکاری ئەوە چییە؟

**د.ڤیان سلێمان:** سەبارەت بە هەبوونی ئەو توندوتیژییە کە لە کۆمەڵگەی کوردستانی بەرامبەر بەئافرەت دەکرێت، ئێمە دووجۆرە شیکاری بۆ دەکەین، یەکەمیان: ئەوەیە کە وا دەردەکەویت بە شێوەی ڕووکاری ڕێژەی توندوتیژی زۆربووە، بەڵام لەڕاستیدا ڕێژەی تۆمارکردنی سکاڵای ئافرەتان بەرامبەر بە زۆر و غەدرکردن زیادی کردووە، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ڕێژەی توندوتیژی زیادی کردووە، بەڵکو هۆشیاری ئافرەت زیاتر بووە، بۆ نموونە پێش بەهاری ئازادی هەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەچوارچێوەی ناوماڵ و خێزاندا دەمانەوەو دەبوایە ئافرەت بەهیچ شێوەیەك قسەی لەسەر نەکات، تەنانەت مافی سکاڵاکردنیشی پێنەدراوە، بەڵام دوای ئەو کارانەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبی و حکوومی لەسەر پرسی ئافرەتان لەماوەی ئەم ٢٢ ساڵەدا ئەنجامیان دا، دەبینین ئێستا ئافرەت وشیاربووەتەوەو دەزانێت کە لەناو خیزاندا مافی هەیەو هەوڵدەدات کە ئەو مافانەی دەستەبەر بکات، کە لێی سەندراوەتەوە، ئافرەت پەنا بۆ یاسا دەبات، گەر یەکێتی ئافرەتان بە نموونە وەربگرین، دەبینین ئەو کێشانەی کە ساڵانی نەوەتەکان لەلایەن یەکێتی ئافرەتانەوە چارەسەردەکران، بەراورد بە ئێستا زۆر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستا ڕێژەی ئەو کێشانەی کە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانەوە چارەسەردەکرێن زۆر زیاترە، بۆ نموونە ئێمە لەیەکێتی ئافرەتانی کوردستان تەنیا لەماوەی ١٠ مانگدا نزیکەی ٥٠٠ کێشەمان چارەسەر کردووە .ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێستا ڕێژەی توندوتیژی زیاتربووە، بەڵکو نیشانەی ئەوەیە ئاگایی ئافرەت زیاتر بووەو دەزانن مافەکانیان چییەو بە سکاڵا بەرگری لەمافەکانی خۆیان دەکەن.

**گوڵان:** جیاکاری یاسایی زۆر بەربەستی بۆ ئافرەت دروستکردووە، زۆر مافی ئافرەتان لە ناو چەمکی مافی مرۆڤدا جێگیر نەکراوە، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟

**د.ڤیان سلێمان:** بێگومان ئافرەت و پیاو هەردووکیان مرۆڤن، پێویستە هەردوو ڕەگەز زەمینەیان بۆ خۆش بکرێت کە هاودەرفەت و یەکسان بن، لە دەستووری هەرێمی کوردستان و لەدەستووری عێراقیشدا هاتووە کە ئافرەت و پیاو یەکسانن و ستراتیژیەتی یەکێتی ئافرەتانیش هەروەها دەڵێت، ئێمە خێزانمان کردۆتە ئەساس، چونکە خێزان یەکەم ئۆرگانە کە دەتوانین یەکەم هەنگاوی یەکسانبوونی ئافرەت و پیاوی تێدا جێبەجێ بکەین، هەمیشە و بەردەوامیش بەشێوەیەکی شیکارییانە لە کێشەکانی ئافرەت ورد بووینەتەوەو ویستوومانە ئافرەت وەك مرۆڤ تەماشا بکرێت و لەناو خێزاندا پلە دوو نەبێت.

**گوڵان:** چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئازادیی ئافرەت هەیە، ئایا تەنیا لە ماڵ هاتنەدەرەوەی ئافرەت ئازادییەکانی مسۆگەر دەکات؟

**د.ڤیان سلێمان:** هەرچەندە دەرچوون لە چوارچێوەی ماڵ رێگەیەکە بۆ رۆشنبیری و تێکەڵبوونی ئافرەت بە وەرگرتنی ئەرکی زیاتری کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەڵام ئەوە بە تەنیا پێوەری ئازادی ئافرەت دانانرێ، بەڵکو ئافرەت ئەوکات ئازادە کە بیر و باوەڕی ئازاد بێت و لە هەڵبژاردنی هاوسەر و خوێندن و پیشەکەی ئازادبێت. هیشتا هەژموونی پیاوسالاری دەسەڵاتی بەسەر ئافرەتدا هەیە، کە ئافرەت دەچێتە دەرەوە، دەبێت پیاو بزانێت چ جۆرە جلێك لەبەر دەکات، یان لەگەڵ کێ قسە دەکات، تەنانەت ئایدیای سیاسی ئافرەتیش زۆر جار پیاو دیاریدەکات.

**گوڵان:** بەپێی ئامارەکان لەساڵی ٢٠١٢ لەکۆی ٤٥ هەزار پرۆسەی هاوسەرگیری، پێنج هەزاریان جیابوونەتەوە، هۆکاری جیابووەنەوەکانیش زۆربەی خراوەتە پاڵ ئافرەتان، ئایا ئەوە نیشانەی ئەوەیە عەقڵییەتی ئافرەتان بۆ پێکهێنانی خێزان لاوازە؟ ئایا بۆ ئامادەکردنی کچان و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی ژیانی هاوبەشیان چ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە؟

**د.ڤیان سلێمان:** بێگومان هۆکارەکەی زیاتر ئەوەیە کە بەشێك لە کچانی ئێمە لەبەر ئەوەی زوو بەشوو دەدرێن،هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت خێزان بەڕێوە ببات و بەتایبەتی لەڕووی عەقڵییەوە بتوانێت تەحەمولی مەسئولییەاتەکان بکات، هەر بۆیە ئێمە ساڵانە دەیان سیمینار دەکەین، بەتایبەتی لەڕێگەی پەیمانگەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو کێشانە دەخەینە بەرباس و هەوڵی ئاگادارکردنەوەی خێزانەکان دەدەین کە کچی خۆیان لە تەمەنی کەم بە شوو نەدەن، بەپێ ئامارەکانی ئێمە کە بەدەستمان گەیشتووە، زیاتر ئەو هاوسەرانەی کە لەژێر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیرییان کردووە، یان جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە، تووشی جیابوونەوە و کێشەی جۆراوجۆر هاتوون.

**گوڵان:** تێکەڵکردنی ئافرەت لە ناو کایەی سیاسی، جیاوازە لە بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی بڕیاری سیاسی، لەم قۆناخە لەوانەیە قورس بێت، ئافرەت لە بڕیاری سیاسی و نیشتمانی بەشداری پێبکرێت، بەڵام پێویستە لانیکەم لە دروستکردنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبیت، لەوبارەیەوە ڕاتان چییە؟

**د.ڤیان سلێمان:** بێگومان یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی ئافرەتان هەوڵی زیادکردنی ئافرەتانە لەپۆستەکان و بەشدارییانە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، چونکە بەشداری ئافرەت لە بڕیاری سیاسی هۆکارێکە بۆ ڕاهێنانی پیاوان لەوەی کە بزانن ئافرەت هاوبەشی تەواویانن، بۆ نموونە ئەگەر لەپەرلەمان ڕێژەی ئافرەتان زۆربن، ئەوکات پیاوان دەزانن کە ئافرەتانیش وەك ئەوان هاوبەشی بڕیار و پرۆژە یاساکانن، ئەو بیرۆکەیەش لەلای پیاو دەسڕێتەوە کە دەبێت تەنیا پیاو سەرکردایەتی بکات.

**گوڵان:** ئافرەت وەك سروشتی خۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە کە دەکرێت لە پرۆسەی سیاسیی سوودی هەبێت، هەر بۆنموونە بە سروشتی ئافرەتان دژی شەڕ و نەرمن لە بیرکردنەوەدا،ئەم دوو سیفەتەش بۆ پرۆسەی سیاسیی لەکۆمەلگەی دیموکراتی گرنگە، بەڵام تا ئیستا لە کوردستان پیاوان سوودیان لەم تایبەتمەندییە بۆ سیاسەت وەرنەگرتووە، ئایا تاچەند هەوڵتانداوە کە ئەم تایبەتمەندییە جوانانەی ئافرەت تیکەڵی سیاسەت بکەن و پیاوانی سیاسەتمەدار بگەیەنە قەناعەت؟

**د.ڤیان سلێمان:** پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی جەماوەری و دیموکراتەو لەسەر ئەوبنەمایە دامەزراوە کە ئافرەتیش بەشێکە لەجەماوەر بە بێ جیاکاری، پرسی ئافرەت لەناو پارتیدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەها و بایەخی زۆری پێداوە، بوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان لەناو پارتیدا ئەوە دەردەخات کە پارتی باوەڕی بەوە هەیە ئافرەت و پیاو هەردووکیان مرۆڤن و دەتوانن وەك یەك کاربکەن، پارتی بەر لەوەی کە سیستەمی کۆتا هەبێت، ئافرەتی هیناوەتە پێشەوە، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و دراوسێمان پۆستێکی باڵا بۆ ئافرەت قەدەغە بووە، بەڵام لەکوردستان لەساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا ئافرەتان لە پەرلەمان و پۆستەکانی کابینەکانی حکومەت بەشداربوون و ڕۆڵی کارایان هەبووە، ئەمە بێجگەلەوەی لەگشت بوارەکاندا ئافرەت بەشداربوون، لەوانە بواری پۆلیس بوو کە چەندین هەوڵدرا تاوەکو توانرا ئافرەت بهێننە پێشەوە، هەروەها لە ئۆرگانەکانی پارتیدا ئافرەت ڕۆلی گرنگییان هەیە و بە ڕێژەی زۆر بەشداربوون.

**گوڵان:** ڕاستە ئافرەت چەندین پۆستیان هەیە، بەڵام دەگوترێ زۆربەیان وەك دیکۆر دانراون، یاخود دەگوترێ ئافرەتەکانی ناو پارتی بە جەنابیشتەوە کار بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەت ناکەن، بەڵکو زیاتر کارتان بۆ ئەوە کردووە کە چەند پیاوێك لە خۆتان رازی بکەن، بۆ ئەوەی پێگەتان هەبێت، ئەوە تا چەند ڕاستە؟

**د.ڤیان سلێمان:** من هەرگیز لەگەڵ ئەو دەستەواژەیە نیم کە دەڵێن ئافرەت دەیەوێت پیاو رازی بکات، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی دیموکراتە و یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی دەستاودەستکردنی دەستەڵاتە، هەمیشە ئاڵوگۆری جیاواز لەناو پارتی هەبووە، گرنگی زۆریشی بە نوێبوونەوە داوە، گەنجەکان گرنگی تەواویان پێدراوە بۆ ئەوەی بەرنامەو توانای

**هیوادارین لەکۆنگرەی داهاتوودا کەموکورتیەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چارەسەر بکەین**

**زیاتر ئەو ئەو کچانەی زوو بە شوو دەدەرێن، یان جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە، تووشی جیابوونەوە و کێشەی جۆراوجۆر هاتوون**

**ئامانجی سەرەکی یەکێتی ئافرەتان زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتانە لەپۆستەکان و بەشداربوونیانە لە پرۆژەی بڕیاری سیاسیدا**

**زۆربوونی سکاڵا دژی پیادەکردنی توندوتیژی، نیشانەی هۆشیاربوونەوەی ئافرەتانە نەک زیادبوونی توندوتیژی دژیان**

باش پێشکەش بکەن و خوێنی نوێ هاتۆتە ناو پارتی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پارتی هەمیشە حەزی لەنوێبوونەوەو گەشەسەندنە، بەردەوام پارتی سوودی لەگشت چینە جیاوازەکان بە ئافرەتان و گەنجانەوە وەرگرتووە، کاری بۆ ئەوەش کردووە کە دەموچاوی نوێ بێتە پێشەوە، ئێمە دەبێت ئەو حەقیقەتە بزانین کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەسەڵات بەهێز وەرگیراوە و پیاویش هێزی زۆرتر بووەو توانیویەتی زۆرترین دەسەڵاتی هەبێت، بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەهەزارەی سێیەمدا تا ڕادەیەك خەریکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زیاتر لەڕێگەی دەنگدان و هەڵبژاردن پۆستە باڵاکان دیاری دەکرێن، بەڵام مێژووی خوێناوی و رابردووی مرۆڤایەتی گرفتی زۆری لە دابونەریت و کەلتووردا دروستکردووە، هەر ئەمەش وەهای کردووە کە حەزی ژنان بۆ کاری سیاسی زۆر کەمترە لە پیاوان، ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتان ڕاپرسییەکمان کرد، بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ٩٠٪ی ئافرەتان حەزیان لەکارە، بەڵام حەزیان لەکاری سیاسی نەبوو، بەڵام ئەرکی ئێمەیە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وابکەین کە ئافرەتان ڕوو بکەنە کاری سیاسی، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە ئافرەتی زۆر سەرکەوتوومان هەیە کە لەپیاویش باشتر کاری سیاسی دەکەن، بەڵام ڕێژەیان کەمە، بۆیە دەبێت زیاتر هانی ئافرەتان بدەین بۆ ئەوەی لە کاری سیاسیدا بەشداری بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئافرەتان بە بڕیارە نەرمەکانیان زیاتر دەتوانن ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی دەستەبەر بکەن .

**گوڵان:** لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمان ئافرەتان بۆچی نەیانتوانی دەنگ و متمانەی هاووڵاتی بەدەست بهێنن؟

**د.ڤیان سلێمان:** ئەگەر بەراوردی بکەین، دەبینین وەزعی ئافرەت لەناو پارتی زۆر لە حزبەکانی تر باشتر بووە، لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوولی پەرلەمانی کوردستان، هەستمانکرد ڕێژەی متمانە بەخشین بە کاندیدی ئافرەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، لەو کاندیدە ئافرەتانەشی کە بەبێ کۆتا و بەدەنگی خۆیان دەرچوون و بوونە ئەندام پەرلەمان، زۆرترینیان کاندیدە ئافرەتەکانی پارتی بوون. واتە دەنگدەری پارتی زیاتر دەنگی بە کاندیدە ئافرەتەکان داوە، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە پارتی زیاتر باوەڕی بە تواناکانی ئافرەت هەیە، بەڵام هۆکاری ئەوەش کە ئافرەتان نەیانتوانیوە دەنگ و متمانەی زیاتری هاووڵاتیان بەدەست بهێنن، ئەوەیە کە ئەزموونی ئافرەت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لەچاو پیاوەکان زۆر کەمترە، ئەمەش بۆ باکگراوندی مێژووی کەلتووریمان دەگەڕێتەوە.

**گوڵان:** لە هەڵبژاردنی رابردوو زۆربەی ئافرەتان ڕیکلامیان بۆ پیاوان دەکرد، ئەم دیاردەیەش لەنێو یەکێتی ئافرەتانیش بوونی هەبووە، ئایا ئەوە بەو مانایە نییە کە باوەڕتان بە کاندیدە ئافرەتەکانی خۆتان نەبووە؟

**د.ڤیان سلێمان:** لە هەڵبژاردنی ٢١ ئەیلوول کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی ڕوویدا، کۆمەڵێك ئافرەتیش هەبوون کە کاریان بۆ ئافرەتەکانی ناو لیستەکەیان دەکرد، نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە هەبووە کاری بۆ نوێنەری حزبەکەی خۆی کردووە، کە پیاویش بوبێت، خۆی پێویستە ئافرەت وشیاری سیاسی هەبێت و بەشێوەیەکی ئازادانە بیر بکاتەوەو بزانێت دەنگی بۆ کێ دەبێت. بەڵام ئەوەش جێگەی دڵخۆشییە کە هەموو حزبەکان سەرکەوتووبوون لەوەی کە بتوانن ئافرەتان



پشتگیری کاندیدە ئافرەتەکانی لیستی خۆیان بکەن. ئەگەر ئافرەتیش ڕیکلامی بۆ پیاوان کردبێت، بە هۆی ئەوەیە ڕەنگە لە ڕووی فکرییەوە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بزانێت پێویستە لەکاتی وەها پشتگیری لە ئافرەتان بکەن و کار بۆ کاندیدە ئافرەتەکان بکەن.

**گوڵان:** زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە لەناو پارتیش، تەنها ئەو ئافرەتانە پێش دەخرێن کە کچە شەهیدن یان کچی بەرپرسن و واسیتەیان هەیە، ئایا ئەوە تا چەند ڕاستە؟

**د.ڤیان سلێمان:** لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان پێش هەمووشت لێهاتوویی و شیاوی لەبەرچاو دەگیرێت، بێگومان ئەگەر ئەم لێهاتوویی و شیاوییە لەناو کچانی شەهیدان هەبێت،

ئاسـاييه پێش بخرێن، بەڵام من دەمەوێت راشکاوانە ئەوە بە خوێنەرانتـان رابگەیەنم، کە پارتی دیموکراتی کوردسـتان، پێوەری تایبەتی خۆی هەیە بۆ پێدانی پۆست بە کادرەکانی و بنەماکانی هەڵبژاردنی ناوخۆی حزب پیادە دەکات، ئەوجا لەم پرۆسـەیەدا هەندێ ئیعتیبارات یەکێـك پێش ئەوی تر دەخات، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکە، بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ پێشـکەوتن لەناو پارتی چ پیـاو چ ئافرەت، پەیوەندی راستەوخۆی بە لێهاتوویی و شایستەیی کەسەکەوە هەیە.

**گوڵان:** زۆر جار باسـی ئەوە دەکەن ئافرەتی سیاسەتمەدار ژمارەیـان هێجـگار کەمە، ئایـا ئەوە بـۆ کەمتەرخەمی رێکخراوەکانـی ژنان و ئافرەتان ناگەڕێتـەوە کە نەیتوانیوە ئافرەتی سەرکردە پەروەردە بکات؟



**د.ڤیان سـلێمان:** رەنگە نەمانتوانیبیت وەك پێویست کادری ئافرەتـی سیاسـەتوان پێبگەیەنین،بـەڵام ئەم کەمتەرخەمییە چەند فاکتەرێکـی هەیە، لەوانە: ئەو سیسـتەمەی ئێمە کاری پێدەکەین، کەموکوڕی هەیە، ئێمە پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانمان هەیە بـۆ پێگەیاندنی کادری ئافرەت و هەتا ئێسـتا چوار خولمان کردووەتەوە، بەڵام رێژەی بەشداربوونی ئافرەتان کـەم بووە. ئێمە لەم دوو خولـی دوایی جەختمان کردە سـەر سـتافی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەروەها لەسـەر ئاسـتی قەزاو ناحیەکانیش کارمـان کردووەو هەفتـەی رۆشـنبیریمان داناوە، کە خولـی تایبەتی بۆ هۆشـیارکردنەوەی ئافرەت تێـدا دەکەینەوە، بەڵام هەوڵەکانمان زۆر سـەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەندێك کەموکورتی لەسیستەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەیـە، هیوادارین لەکۆنگرەی داهاتوودا ئەو کێشـەیە چارەسەر بکەین، گەورەترین کەموکورتی ئێمە ئەوەیە کە بەشێك لە ئافرەتان بەگرێبەست لای ئێمە کاردەکەن، یان ئافرەت هەیە کە شـوودەکات، واز لەکاری رێکخراوەیی دەهێنێـت، یان دەچێـت دادەمەزرێـت و واز لە کاری رێکخراوەیی دەهێنێت، هەروەها ئەو سـتافەی ئێمە بە خۆبەخشی کاردەکەن و تەنیا پاداشتێکی کەم وەردەگرن، واتە ئێمە چەند کادیری باش دروست بکەین، لەکۆتاییدا کەمتریـن کادیرمان بـۆ دەمێنێتەوە. خـودی حەزی ئافرەتیش بۆ پۆسـتە باڵاکان کەمتـرە، لەبەر ئەوەش پێویستە کار بۆ چاککردنی ئەو پرسە بکەین.

**گوڵان:** لە کابینەی هەشـتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پارتی رۆڵیکی گرنگ و سەرەکی دەبێت، لەبەر ئەوەی لایەنی زۆرینەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام لە کابینەی پێشـوو یەك ئافرەتی پارتی بەشدار نەکرا، ئەگـەر لەم کابینـەش کاری وابکرێـت، وەك یەکێتی ئافرەتان بێدەنگی دەنوێنن؟

**د.ڤیان سـلێمان:** راسـتە لەسەر ئاسـتی وەزیر لە کابینەی حەوت ئافرەتی پارتی بەشـدار نەبوون بەڵام لە ئاسـتەکانی تردا ئافرەتانـی پارتی حزوریان هەبووە و رۆڵی بەرچاویشـیان پـێ دراوە بێگومان ئێمە وەکو یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ ئـەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بـە ئافرەتەوە هەبێت پێشـنیاز و پرۆژەمان هەیە بۆ حیزبی خۆمان، بەڵام بە بوونی ئافرەتێکی وەزیر مەرج نییە ئیتر هیچ کێشەیەکی ئافرەت نەمێنێت،، یەکێتی ئافرەتان لە کابینەی پێشووش داوای کرد کە رێژەی ئافرەت لەگشت پۆستە باڵاکاندا زیاد بکرێت، پۆستە باڵاکانیش تەینا پۆستی وەزیر نییە، ئێمـە وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان کار بۆ ئەوە دەکەین کە لەگشـت پۆستەکان و ئۆرگانەکاندا ئافرەت رۆڵی هەبێت، نەك تەنیا لە پۆستە وەزارییەکاندا ئەوەش کارێکی زۆری دەوێت.

**گـوڵان:** بەڵام دەگوترێ لەنـاو پارتی بۆ کابینەی حەوتەم ئافرەتی بەتوانا نەبووە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟

**د.ڤیان سـلێمان:** نەخێر، پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی زۆرترین ئافرەتی بەتوانایە، لەکابینەنی پێشووشدا چەندین وەزیری ئافرەتی بەتوانای هەبووە، کە هەمووشیان سەرکەوتووبوون، ئێسـتاش چەندان ئافرەتی بەتوانامان هەیەو دەتوانرێت سوود لە تواناکانیان وەربگرن. بۆیە داوا دەکەین لەکابینەی هەشـتەم لەبچووکترین پۆست هەتا باڵاترین پۆستی ئیداری رەچاوی ئافرەتان بکەن.

**کێشەی ئافرەت کێشەی کۆمەڵگەیە هەردوو رەگەزی ژن و پیاو دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت، هەردوو رەگەز بۆ چارەسەری ئەم پرسە هاوکاربن**